www.kurdistannet.org
07/01/2002 19:53

# پرسی فرەژنی محەمەد

ئیبراهیم فەتاح

لەم سالآنەی دواییدا، میتۆلۆژیای ئایینی ئیسلام و سەرجەمی پێکهاتەکەی، بووەبە یەکێك لەتەوەرەی باسە گرنگەکانی ناوخۆی کۆمەلّگا ئیسلامییەکان و ، هەرلەوماوەیەشدا گەلێك لێکۆلّینەوە و تۆژینەوەی بەبایەخ و سەرنجراکێش و سنووری تابۆبەزێن تۆمارکراوە.

ئەم بابەتە ، سەرەتا ، لەنێو رۆشنبیرانی عەرەبدا سەریهەلّدا و ، ئێستایش پانتاییەکی بەرچاویان لە مەیدانی لێکۆلّینەوە و باس و لێدوانەکانی رۆشنبیریی عەرەبیدا پڕکردووەتەوەو، لە بواری ئەوانیشەوە ئەو بابەتە گەیشتە نێو رۆشنبیری کوردی .

ئەگەر رۆشنبیرانی عەرەبی لەوشوێنەوە شرۆڤـەکردن و رەخنەکانیان دەستپێدەکەن ، کەواپێیان وایە ئەو میتۆلۆژیایە ، بەهۆی قالّبە وشك و دۆگماکانیەوە، کۆمەلّگای عەرەبی گیرۆدەی وەستان و خۆخواردنەوە و ملکەچکردن و گۆرانی وتن بەبالآی بەرز و بلّندی رابردوویاندا و فەرامۆشکردنی ئێستا و داهاتوویان کردووە ، ئەوا لێکۆلّینەوە و رەخنە کوردییەکان ، لەپالّ دووبارەکردنەوەی هەمان بۆچوونە عەرەبییەکاندا، لە دوو ئاڕاستەی سەربەخۆدا خۆیان دەردەخەن :

١. ئاڕاستەی یەکەم، ئەوانەی ئاوێتەی بیر و بزوتنەوەی چەپن و، لێکدانەوەکانیان لەژێر چەتری ململانێی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نێوان چەپ و ئیسلامی ئسولّییەوە دێتەبەرهەم و، لەبەرئەوەیش زێتر متمانەدەکەنە سەر ئەو بابەت و تێزە ئاینیانەی خزمەت بە پارسەنگی ململانێکان دەکەن .

٢. دووەم، ئەوانەی نەهامەتییەکانی کۆمەلّگای کوردەواری بە رەنگدانەوەکانی دەسەلآتی ئیسلام دەزانن ، کەبەشێکی گەورەی رەخنەکانیان لەخانەی {کوردبوون} ەوە دژی {عەرەبیبوون} ی دەسەلآت سەرهەلّدەدات ، بەوپێیەی ئەو عەرەبیبوونەی دەسەلآت لە قورئان و ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوە، پێیانوایە، رەخنەگرتن لەئیسلامی عەرەب وتەقەللای دوورخستنەوەی ، بریتیە لەرەخنەگرتن لەدەسەلآتی زەوتکاری عەرەب و تەقەللای لەنێوبردنی زەوتکارییەکەی و نەهێشتنی نەهامەتییەکانە. لەبەرئەوەیش رەخنە و لێکۆلّینەوەکانیان لەسەر ئایین نیە بەگشتی ، وەك میتۆلۆژیا، بەلّکو لەسەر ئیسلامی{عەرەبی} ە بەتایبەتی ، وەك دەسەلآت .

ئەگەرچی لێکدانەوە و سەرنجەکانی ئەم دوو رەوتەی کاریگەری و بایەخی خۆیان هەیە، بەلآم دەکرێت ئەو سێبەرە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەی سەرتاپای بابەتەکانی داپۆشیوون، بەخالّێکی لاوازی و دوورکەوتنەوە لە رێبازی لێکۆلّینەوەی زانستی دابنرێت. رەنگە هەر ئەو سێبەرەیش ئەوەی دروستکردبێت کەوا پرسی فرەژنی محەمەد، لای ئەو دوو رەوتە، تارادەیەکی زۆر، جێگای هەموو پرسەکانی تری دەربارەی ئایینی گرتبێتەوە، هەروەك ئەوەی وەلآمی ئەو دیاردەیە ، وەلآمی گشت پرسەکانی تری دەربارەی ئایین بێت و،ئیسلام و فرەژنی محەمەد بریتیبن لە پێکهاتە میتۆلۆژییەکەی گشت ئایینەکان . لەبەرئەوەیشە تاوەکو ئێستا ئەو پرسە ،سەرەڕای هەر توانایەکی لەپێناویدا بەختکراوە، پرسێکی وەلآمنەدراوەیە ، لەو لایەنەوە نەبێت کە خزمەتی پرۆسەی سیاسەتکردنی کردووە....

دیاردەی{فرەژنی} ، بەپێی گشت لێکۆلّینەوە زانستییەکان، دیاردەیەکی کۆمەلآیەتییەو، لەبەرئەوەیش پێموایە فرەژنی محەمەد ناتوانێت نەلە لێکدانەوەی دەقە نەگۆڕەکان و، نەلە لێکدانەوە یەکسانیخوازەییە نوێکانی میتۆدی چەپەوە و ، نەلە کوردبوونی کورد و دژایەتیکردنی ئیسلامیبوونی دەسەلآتی عەرەبیەوە وەلآمی پڕاوپڕی خۆی وەربگرێتەوە. بەلّکو تاکە شێوازێك بتوانێت وەلآمی ئەوە بداتەوە : سەرنجدانی ژیانی محەمەد خۆی و، ئەو کۆمەلّگایەیە کە مەیدانی پیادەبوون و



©Kurdistan Net

بوارپێدانی پیادەبوونی ئەو دیاردەیەیە.لەبەرئەوەیش تاوانبارکردنی محەمەد بەفرەژنی ، تاوانبارکردنێکە لە دادگایەکدا کە ئەمڕۆ بۆ لێپێچانەوەی دیاردەیەکی پێش ١٤٠٠ ساڵ زێتر دامەزراوە و، بە هەمان شێوەیش داکۆکیکردن لەو دیاردەیەش دروستکردنی پردی بەزیندوویی راگرتن وپەڕاندنەوە و هێنانەناوەوەی دیاردەیەکی پێش ئەوەندە ساڵە بۆ ساتەوەختی ئێستا … لەهەردوو باریشدا، دژایەتیکردن یاخود پاراستی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی بەسەرچووە لە نێو قۆزاخەی پیرۆزیدا .

لەسەرنجدانی کۆمەڵگای عەرەبی دورگەی عەرەبی ئەوکاتە و، ژیانی کەسایەتی محەمەد خۆیەوە، چەند فاکتەرێکی ئەو فرەژنییە و، هەروەها قەدەغەکردنی مارەکردن وشووکردنەوەی بێوەژنەکانی محەمەدمان بۆ دەردەکەوێ .

١. کۆمەڵگای قورێش و حیجازی ئەوکاتە کۆمەڵگای خێڵ بووەو، فرەژنیش یەکێکە

لە دیاردەکانی کۆمەڵگای خێڵ. لە خێڵدا فرەژنی چەند مەبەستێکی تێدا حەشاردراوە کە خودی سیستەمی خێڵ خۆی رەوایی بەو مەبەستانە دەدات ، لەوانەیش: پترکردنی ژمارەی خێزان بەمەبەستی پەیداکردنی بژێوییەکانی ژیان ، پترکردنی ژمارەی پیاوان بەمەبەستی هێشتنەوەو بەزیندوویی مانەوەی بنەماڵەکە، وەك ئەوەی لەخێڵدا پێیدەوترێت هێشتنەوەی پشت و بنەچە و، هەروەها بەمەبەستی زێترکردنی توانای بەرگریکردن و هێرشکردنە سەر خێڵە نەیار یاخود نەناسەکان و، بەمەبەستی فرەکردنی خزم و کەسوکار، هەروەها لەباری منداڵنەبووندا لەژنی یەکەم ، بەمەبەستی دۆزینەوەی ژنی دووەم یاخود سێیەم و.. ئەو ژنەی کە رەنگە منداڵی ببێت. ئەم دیاردەیەش هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، بەدارا و نەدارەوە، جیاوازییەکەیش لەوەدایە نەدارەکان بێوەژنەکان دەخوازن ، بەڵام داراکان،زۆربەی جار، کچان یاخود ژنانی شۆخ و شەنگ و پارەدار دەخوازن و دەکرێت لای ئەمانە ، لەپاڵ گشت ئەو مەبەستانەیشدا، مەبەستی سێکسکردنێکی زێتر و خۆشی و رابواردنێکی زێتر بەهۆی سامان و دارایيەکەیانەوە وەك فاکتەرێکی تری فەنتازیای ئەو توێژە لەبەرچاوبگیرێت. هەروەها لەپاڵ دیاردەی فرەژنیشدا، لەخێڵدا، دیاردەی فرەمێردکردنەوەیش بە هەمان ئەندازە لەکاردایە، گەرچی ئافرەتان بەپێوانەی دارابوون و تەمەن و روخسارجوانیش ئەو هەلەیان دەسدەکەوێت.

٢. ژیانی کەسایەتی محەمەد خۆی رۆڵێکی دیاری لە فرەژنییەکەیدا هەبووە.محەمەد کوڕی یەکێك لەخێزانە بەنێوبانگ و دارا و بەدەسەڵاتەکانی قورەیش بوو ، باوکی خۆی نەدیوە و لەتەمەنی پێنج ساڵانیشدا دایکی مردووە. لەبەرئەوەیش نێردراوەتە لای حلیمە السعدیە کە دایەنی منداڵ بەخێوکردن بووە بەپارە و، لەنێو نووسراوە ئیسلامیەکانیشدا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەسەر چۆنێتی ژیانی محەمەد تاوەکو سەردەمی لاوێتی لەبەردەستدا نیەبێجگە لەوەی لەوکاتەدا خەریکی شوانیبووە. پاشئەوەیش دەگەڕێتەوە لای باپیرەی پاش مردنی ئەمیش دەچێتەلای ئەبوتالیبی مامی و لەگەڵ ئەودا دەکەوێتە کارکردن لەنێو قافڵە بازرگانیەکانی مامیدا لەسەر رێی حیجاز و فەلەستین، بەبێئەوەی سەرچاوەکان جۆری ئیشەکەی دەربخەن {لێرەدا شایەنی بەراوردکردنە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کە هەم ئامۆزای بووە و هەم هەر لەمنداڵییەوە لەنێو{مەکە} دا ژیاوە و سەروکاری لەگەڵ شێوازی بازرگانیکردندا هەبووە، ئەو کارەی پێنەسپێردراوە، بەڵکولەنێو خێزانەکەی خۆیدا ماوەتەوە} .

پاشتریش کەتەمەنی دەگاتە ٢٥ ساڵی مامی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە لای خەدیجە، کە بێوەژنی یەکێك لە بازرگانە گەورەکانی قورێش بووە و سامانێکی گەورەی هەبووە و، کارەکانی ئەو جێبەجێدەکات، ئەوەیش، لانی کەم، مانای ئەوەی هەیە کەوا بەهۆی بێ دایك و باوکی و زگورتیبوونیەوە لای مامی وەك ئەندامێکی خێزانەکەی تەماشانەکراوە و خۆیشی سامانێکی ئەوتۆی لەو بنەماڵەیەوە بەرنەکەوتووە تاوەکو بتوانێت بۆ خۆی بازرگانی پێوەبکات . هەر ئەم ژیانە پڕچەرمەسەرییەی محەمەد، زوو هەتیوکەوتن و بێبەشبوونی لە نازی دایك وباوك ، کاری شوانکارەیی و قافڵەچێتی بەر خۆرەتاوی بێبەزەیی حیجاز و قایلبوونی مامی بەوەی بچێتە بەردەستیکردنی خەدیجە و بێتوانایی لەژنهێنانێکی سادە، کە هاوسەرێکی هاوتەمەنی خۆی بخوازێت و، ناچاربوونی بە خواستنی ئافرەتێکی زۆر لەخۆی بەتەمەنتری وەك خەدیجە،ئیتر با



©KurdistanNet

دەوڵەمەندیش بوبێت و، پاشان گۆڕانی ، بەهۆی ئەو خواستنەی خەدیجەوە، بۆ ئەندامی خێزانێکی دەوڵەمەندی گەورەی نێو قوڕیش و، پاشتر بوونی بە ناودارێکی گەورە، بەهۆی ڕاگەیاندنی بانگەوازی ئیسلامەوە، کە گەیاندیە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی سەرۆك خێڵەکان و تەنانەت ململانێی سەرۆك خێڵە هەرەبەهێز و داراکانیشی دەکرد ... بەگشتی ئەو فاکتەرە بەهێزانەن کە محەمەدی بەرەو دیاردەی فرەژنی ڕاکێشا : لەلایەکەوە وەك مرۆڤێك و ئەندامێکی ئاسایی سیستەمی خێڵ و، لەلایەکی ترەوە وەك تەنیا گەنجێکی نێرینەی پاش باوکی و وەك نەوەی خێزانێکی دارا و بەناوبانگ و، پاشتریش کەسایەتی خۆی وەك دارا و سەرۆك بزوتنەوەیەکی فراوان کە بەهۆی ئەو پلەوپایەوە توانا و بواری خواستنی هەر شۆخە کچێك یاخود تەڕەژنێکی قەیرەی پێداوە، بێئەوەی هیچ ڕێگرییەك بێتە سەرڕێی . بێجگە لەوانەیش تۆڵەی دەروونی ، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ژیانی گەنجێکی گەنجێتی دژوار، فاکتەرێکە ڕۆڵی خۆی هەبووە و ناکرێت فەرامۆشبکرێت .

٣. ئەوەی ڕەخنەگرانی محەمەد فەرامۆشیدەکەن ئەوەیە بۆچی محەمەد ئەو هەموو ژنانەی هێناوە؟... تەنانەت ڕەخنەگرێك و نووسەرێکی بەتوانا و ناوداری وەك د.جلال صادق ãÙÚãÇ هەمان دیاردەی لەئاست پرسێکی بێوەڵامدا بەجێهێشتووە کەدەڵێت:{ئایا،لەڕوانگەی سایکۆلۆژی و شیکردنەوەی دەروونییەوە، زەواجی یەکەمجاری پەیامبەر لە ژنێك کەبەدایکی دەشێت و پاشان شەیدابوونی دواتری بۆکچانێك کە لە تەمەنی کچی خۆیدان، مانای چییە؟} . وەك پێشتریش وتم یەکێك لە مەبەستەکانی فرەژنی ، لەسیستەمی خێڵدا ، برتییە لە حەز وخواستی منداڵبوون و بەردەوامبوونی پشت و بنەچە. سەرەتا محەمەد بەگەنجێتی لەگەڵ خەدیجەدا دەمێنێتەوە بەبێئەوەی منداڵی ببێت ، هەڵبەت هۆی سەرەکی دووبارە ژننەهێنانەوەی لەساڵانی خواستنی خەدیجەدا ئەوەیە کە پلەوپایەی دارایی و کۆمەڵایەتی خەدیجە لەهی محەمەد پتەوتربووە و ئەمەیش بواری نەداوە ژن بەسەر خەدیجەدا بهێنێت کە مەترسی لەدەستدانی ئەو پەناگەیە و تێکشکاندنی دەبووە شتێکی بەڵگەنەویست ، کەتاوەکو بانگەوازکردنی پەیامەکەی ، ناوی محەمەد وەك بازرگانێکی سەربەخۆ و خاوەن سامان لەئارادا نیە و وەك مێردی خەدیجە سەرۆکاری ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەو دەکات و، تەنانەت لەو کاتەیشدا هەر لەگەڵ قافلە بازرگانییەکانی ئەودا هاتوچۆی فەلەستین دەکات، واتە هێشتا پەیوەندییەکەیان بریتیە لە پەیوەندی نێوان مێردێکی هەژاری خاوەن هێزی کار و ژنێکی دەوڵەمەندی خاوەن سەرمایە{ڕەنگەیەکێك لە مەبەستەکانی خودی بانگەوازکردنی پەیامەکەیشی، لەپاڵ گێڕانەوەی دەسەڵاتی کزبووی بنەماڵەکەی و زیندووکردنەوەی خەونی ـ قصی ـ باپیرە گەورەیدا لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێزی بنەماڵەی قوڕەیشدا، سەرەتا بۆ ترساندن و تێکشکاندنی خەدیجە و دەستبەسەراگرتنی هێزە داراییەکەی و وەدیهێنانی خەونی فرەژنی ، بەمەبەستی منداڵبوون ، بووبێت} ، بەڵام پاشئەوەی محەمەد، بەهۆی بانگەوازەکەیەوە، هێزێکی تاکەکەسی سەربەخۆ پەیدادەکات و، پلەوپایەی بنەماڵەکەیشی زیندوو و بەرزتردەکاتەوە و، جێگا و ڕێگای خۆی دەسەپێنێت ، ئینجا دەکەوێتە ژنهێنانی تر. ئاخر جێگەی سەرسوڕمانە کە ڕەخنەگرانی محەمەد بایەخ بەو قسەیەی نادەن کە دەڵێت: سامان ومنداڵ{یاخود منداڵی نێرینە ـ البنون} تاجەگوڵینەی دنیان ، چونکە بەهۆی سامانەوە مرۆڤـ دەتوانێت ژنی زێتر بهێنێت و لەمیشەوە ئەگەری منداڵبوونی زێتردەبێت ، لەبەرئەوەیش خۆیشی هەوڵی مەیسەرکردنی ئەو خەونە دەدات و، ئەو فرەژنییە دەسازێنێت کە ئێستا نەیارانی (سیاسی بە پلەی یەکەم) وەك پەڵەیەکی ڕەش نێوزەدی دەکەن ، بەبێئەوەی خەونەکانی مرۆڤێکی دارای نێو سیستەمی خێڵ لەبەرچاوبگرن ، بەڵکو بەهەمان ڕوانینی پیرۆزئامێزانەی سەلەفیەتەوە لە کەسەکە و کردارەکانی دەڕوانن.

هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن، لەو سەردەمەدا و لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا، هێشتا، بێجگە لە زانیارییەکانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی، هۆکارە بایۆلۆژییەکانی منداڵنەبوونیان نەدەزانی، بەڵکو لەبری ئەوە زاراوەی {پیاوەتی} لێکدەرەوەی کردەی منداڵبوون بوو. منداڵبوون بەو مانایەی باوکەکە پیاوەتی تێدایە و، پیاوەتیش بەومانایەی پیاوێك دەتوانێت سێکس بکات و شەهوەت فرێبدات . لەو کاتەیشدا ،بەهۆی نەبوونی زانیاری تەواوە، بەپلەی یەکەم بوونی شەهوەت بە بوونی پیاوەتی

©Kurdistan.Net

زانراوە.جا کاتێك محەمەد هەردوو توانای سێکسکردن وشەهوەت فرێدان لەخۆیدا دەبینێت ، لەبەرئەوە تاوەکو تەمەنی نائومێدی وازی لە ژنهێنان، بەمەبەستی مەیسەربوونی خەونی وەچەخستنەوە، نەهێناوە .

هێندەی من درکی پێبکەم، ئەوانە ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە بەهێزانەبوون کە وایان لەمحەمەد کرد لە ژنێك زێتر بهێنێت و، تەنانەت لەنێو بانگەشەکەی خۆیشیدا هەوڵی داوە پاساوی عەقیدەیی دوورلەو فاکتەرانەی بۆ بدۆزێتەوە، بەوەی خۆی توانای سێکسکردنی زۆر و یەکسانیکردنی نێوان ژنەکانیشی هەبووە، کە ئەم یەکسانیکردنە لە هەموو راستگۆییەك بێبەرییە چونکە دەزانین زۆرجار هەبووە چەند مانگ وماوەی دووروردرێژ لەیەکێك یاخود زێتری ژنەکانی دووربووە، ئەوەیش، ئەگەرچی لەژێر کاریگەری زەروورەتەکانی بانگەشەکەیشیدا بووبێت ، زێتر مانای فەرامۆشکردن و بایەخ پێنەدانە نەك یەکسانیکردن. هەروەها محەمەد لەژێر کاریگەری سەرجەم ئەو فاکتەرانەدا و بەپاڵپشتی ئەو پلەوپایە نوێ بەهێزەی خۆیەوە ، رەفتارێکی داهێنا کە تائەو کاتە لەنێو قورەیشیشدا نەبوو، ئەویش ئەوەیە کە پیاوێك لەیەك کاتدا هێندە ژنی رەسمی هەبێت {لێرەدا قسەمان لەسەر کەنیزەك نیە} ،هەر لەبەرئەوەیشە پاشئەوەی لە منداڵبوون بێئومێد دەبێت، ئینجا جارێکی تر بە پاساوە عەقیدەییەکەیدا دەچێتەوە، بەشێوەیەك کە خۆی زامدار نەکات و شوێنەواری نەگونجاو لەسەر کارەکانی خۆی بەجێنەهێڵێت، ئاماژە دەکات بەوەی ئەگەر پیاوان توانایان نەبوو یەکسانی لە نێوان ژنەکانیاندا بکەن ئەوا تەنیا یەك ژن بهێنن .

دوا خاڵ کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم و پێموایە کۆمەکی هەمان بۆچوونی سەرەوە دەکات، ئەوەیە بۆچی محەمەد خواستنی بێوەژنەکانی دوای خۆی قەدەغەکرد؟، کە ئەمەیان لادانێکە لەپرەنسیپی خێڵ و ، تەنیا بەسەر بێوەژنەکانی خۆیشیدا پیادەدەکرێت و، ئەگەر بکرێت بەزمانی ئەمرۆ قسەبکەین، ئەوا ئەو کارە زەوتکردن و پێشێلکردنی هەست و حەزی مرۆییانەی ئەو ژنانەیە لەلایەن کەسێکەوە، کە گەلێك سیفەتی یەکسانی بەخۆی بەخشیووە و لەنێو بانگەشەکەیشیدا ئاماژەی پێدەکات ! !.

پێشتر ئاماژەم بەوەکرد، سیستەمی خێڵ، بەهەمان ئەندازەی فرەژنی پیاوان، رێگەیشی بەبێوەژنەکانیش دابوو جارێکی تر شووبکەنەوە{کە ئەوەیش خۆی بەشێکی دەستەبەرکردنی پێشمەرجییەکانی دیاردەی فرەژنی پیاوانە} و، هەروەها لەسیستەمی خێڵدا تەنیا زانیارییەکانی ئەزموونی کۆمەڵایەتیان لەسەر منداڵبوون هەبوو، نەك زانیارییە زانستییەکانی ئێستا. بێگومان لە کۆمەڵگایەکی وەکو حیجازی ئەوکاتەی سەرەڕێی نێوان حەبەشە و فەلەستین و میزۆپۆتامیادا، ئەگەرچی نەیانزانیووە بۆچی پیاوێك و ژنێکی دیاریکراو، بۆنمونە محەمەد و هەر یەکێك لە ژنەکانی، منداڵیان نابێت، بەڵام دیسان بێگومان بەهۆی ئەزموونی کۆمەڵایەتی لەژمارەنەهاتووی بینراو و بیستراوەوە زانیوویانە کەدەشێت پیاوێك لە ژنی دووەم یاخود سێیەم و...، هەروەها ژنێکیش لە مێردی دووەم یاخود سێیەم و...منداڵیان ببێت. ئەم زانیارییەی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هەموو وەسفانەی محەمەد لەسەرخۆی کردوویەتی، گوایە پیاوێکی کارای سێکسکارە و پیاوەتی{شەهوەت} ی زۆری هەیەو، دەتوانێت چەند ژنێك لەیەك کاتدا بەرێوەبەرێت ، ئەو دوو هۆیەی قەدەغەکردنی خواستنەوەی بێوەژنەکانییەتی. چونکە لە حاڵەتێکدا، ئەگەر محەمەد رێگەی بدایە بێوەژنەکانی شووبکەنەوە و، یەکێك لەوانە لەپیاوێکی تر منداڵی ببوایە، ئیتر ئەو کاتە هەموو ئەو وەسفانەی لەسەر خۆی کردبوونی لای خەڵك هەموو راستگۆییەکیان لەدەستدەدا و،وەك دەڵێن: دەستەکەی ئاشکرا دەبوو.هەروەها لەبەرئەوەی لە سیستەمی خێڵدا ، منداڵبوون، تاکە بەڵگەی کردەوەیی پیاوەتییە لەپەیوەندی ژن ومێردایەتیدا، ئەوا ئەگەر ئەو دەروازەیە بەکراوەیی بمایەتەوە و، هەر پیاوێکی تر لەیەکێك لەبێوەژنەکانی ئەو منداڵی بخستایەتەوە، مانای ئەوەبوو ،بەکردەوە، دەیسەلماند پیاوەتی و شەهوەتی لە محەمەد زۆرترە و لەهەمان کاتیشدا دەیسەلماند کەوا لاینی پیاوەتی محەمەد خۆی و، ئەو دەق و قسانەیش کە جەختی لەسەردەکەن لە هەموو راستییەك بەدوورن، ... کە بێگومان دەگونجا ئەم سەلماندنەی بەناڕاست

©KurdistanNet

دەرچوونی ئەو دەق و قسانەی محەمەد لەو بارەیەوە کردوونی ، ببووایە بە سەرەتا و دەروازەیەکی زۆر بەهێزی سەرهەڵدانی گومانی لەنێوچوون و لەنێوبردنی سەرجەمی ئەو میتۆلۆژیایەش کە محەمەد داڕێژەری بوو .

دواشت، هیوادارم هەرکەسێکی تر کە فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی تر بۆ روونکردنەوەی ئەو دیاردەیە درك پێدەکات ، نەك وتە نەگۆڕەکانی نێو دەقەکان و دەستەواژەکانی ململانێی سیاسی ، بیخاتەڕوو ، بۆ ئەوەی چیدی ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییەی خێڵ لەوە زێتر نەبێتە مایەی ونکردنی پرسە سەرەکی و زانستییەکانی دەربارەی ئایین ومەیدانی ململانێی توندوتیژ.



©Kurdistan Nêt